# ئەنفالکردنی زمانی کورد.. بە دەستی کورد

موحسین جوامێر
mohsinjwamir@hotmail.com

نووسەرێکی میسری هەبوو ناوی ( سەلامە مووسا ) بوو، کتێبی زۆر بوو، زۆربەیشی خۆی لە قەرەی مەسەلەگەلی شارستانییەت و دین و زمان و کولتوور و رۆشنبیری دەدا.. زۆری کەیف بە ئەتاتۆرک دەهات، حەزی دەکرد عەرەب چاوی لێ بکەن، بەتایبەتی لە نووسینی لاتینی و تەلاقدانی هەر شتێکی خزم بوو لەگەڵ رابردوودا.. ئەو رێنووسە باوەی عەرەبیی بەدڵ نەبوو، دژی بوو، ئەسڵەن دەیویست کودەتایەک لە هەموو بوارەکانی زماندا بەرپا بێت، لەگەڵ ئەوەشدا بوو لەهجەکانی عەرەبی پێیان بخوێندرێ وبنووسرێتەوە.. هاوکات لەگەڵ ئەو هەوڵ و خەباتەی سەلامە مووسا، لە بەیروتیشدا بازاڕی بانگەواز و دەنگۆ و پڕۆپاگەندەی سەمەرە بۆ باس و بابەتی ئاوا گەرم بوو، بەتایبەتی بۆ بەکارهێنانی لەهجە عەرەبییەکان شەرم کەم بوو.

ئەلهەق لەسەرەکەی تریشەوە، کۆمەڵێک نووسەری بەدەستوبرد، ژیر و ورد، هەستانە سەرپێ و لەو تاخمەی پێشوو قیت بوونەوە، ژنە هەولێری واتەنی : عەبرەتیان کردن، یان بە قالبەسابوونێکی ڕەقی شۆردیاننەوە، یان سێبەریان دە مستێ نان.. ئەوەبوو، نە سەلامە مووسا بۆی چووە سەر وچی پێ کرا، نە ئەوانەی لبنان ئافەرینێکیان خەلات کرا.. عەرەبییە رەسەنەکە هەر مایەوە، قایم وەک چیای ئوحد، نەکەوت و نە بوورایەوە.. پاشانیش دەرکەوت ئەو دژە عەرەبییانە لەکوێوە فەرمانیان بۆ هاتووە وکێ هەنبانەی بۆ پف داون.. ئێستەیش نە نووسین و شاگردانیان بە هەرمێنن، نەخۆیشیان لە دنیا ماون.

ئەوقسەیەی سەرەوەم، سەبارەت بە هەوڵی هەندێ رۆشنبیری لە زانستی زمان کەمزانی خۆمانە هاتەوە بیر، کە ئەو دەرفەتەی بۆ کورد هەڵکەوتووە، بۆ هەندێ مەرامی تایبەتیی کە هیچ بەدوور نازانرێت دەست و ئافرینی دوژمنی دەرەکیشی تیدابێت، دەقۆزنەوە.. ئەویش بە پێشکەشکردنی یاداشتنامە بە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئاوڕدانەوە لە لەهجەکوردییەکەیان ودانپیانان وتۆمارکردنی لە دووتوێی دەستووری کوردستاندا، بگرە رێگەدان بەکردنی بە زمانی رەسمیی ئەو ناوچەیەی تێیدا دەژین لە دایەرە و دەرودوکانانداا.

من دڵنیام ئەم هەوڵە هی تاقمێکە و بە پیلانێکە و ڕەنگە کۆمەڵێک بۆی لەسەرخەت بن، کە هەتا دژ بە هاولەهجەکەی خۆشیان بن وخەڵکیش لێیان تووڕە و مۆن و نارەحەت بن.. دەیانەوێ بەناوی دیموکراتییەت ونازانم کامە پەیمانی نێونەتەوەییەوە, کوردستان لەو زمانە پەتیبە نازدارەی مامۆستا حەمەکەریم هەورامی واتەنی لە هیچی کەم نییە*، بێبەش بکەن و پەرت و پەرگەندەی بکەن و هەست و نیستمان لە گرێژەنە دەربهێنن.. ئاخرەکەیشی ــ بە شایەتیی خۆمان ــ بە گەلانی کورد ناودێر بکرێین، ئەویش ئەگەر..! بەتایبەتی چونکە هێشتا ئەو قەوارەیەی ــ پەشێو واتەنی ــ لە یانەسیب بردمانەوە، لێی بەگومانین نەوەک لێمان بسەننەوە.!

زمانی سوێدی حەوت لەهجەیە، لەهجەکانیش لە نێوخۆیاندا ــ وەک یاسایەکی خۆڕسک یا خوارسک ــ دەبن بە لەهجەگەل، وەلێ یەک لەهجە بەرقەرارە وخوشکی گەورەیە.. بۆ خەڵکی هەر لەهجەیێ هەیە، لەپاڵ لەهجەی سەرەکیدا، ستران و هۆرە و لاوک و حەیران و گۆرانیی خۆیان بڵێن لەگەڵ هەلهەلەیا.. وەلێ بێن و بڵێن گەرەکمانە بە شێوەزاری خۆمان بخوێنین و بنووسین و لە دەستووردا ئەم خاڵە تۆمار بکرێت، ئەوە هەرگیز قبووڵ ناکرێت وبە تەحقیق پڕبقەیە.. هەتا ئەگەر پەنا بۆ نەتەوەیەکگرتووەکانیش ببەن یاخود لە دەرکەی رێکخراوی مافی مرۆڤ بدەن، بێ بەهرەیە.. تاکە

شوێن کە بەهانای داواکەیان بێت ودالدەیان بدات یا شێتخانەیە یان خەستەخانەی دەروونی، لە وێدا ئەنواعی دەرمان هەیە.

چونکە تۆ پەرە بە هەر لەهجەیەک بدەیت، لە ئاخرەکەی هەر دەبێتە زمانێکی سەربەخۆ، ئەگەر قیامەتیش رابێت یا هەزار زنجیری حەسەن و حوسێن لێدەی لەخۆ.. چما زمانە رەسمییەکانی دنیا هەروەکو دیالێکتە دەستەخوشکەکانی خۆیان، لەهجە نەبوونە و پاشان کراونەتە خوچە ( خوشکی گەورە ) وشاژنی سەربەخۆ؟

ئەز نازانم داخوە ئەم جۆرە یاداشتنامە و پەیامانە دەگەنە پەرلەمانی کوردستان و بەناوی دیموکراتییەت ومافی مرۆڤەوە بایەخیان پێ دەدرێت، یاخود کاتی پێ زایە ناکرێت، کە هیوامە هەردەم وا بێت.؟! دەنا - وەک هەولێرییەک و خودان لەهجەیەکی تایبەتی - رووی دەمم لە یەکەیەکەی ئەندامانی پەرلەمان دەکەم و دەڵێم بە کوردییەکی نیوەپەتی:

ئەگەر رۆژێک وتم : لەبری ( بۆ ) بنووسن ( لۆ )، بەردبارانم بکەن.!

ئەگەر رۆژێک وتم : لەبری ( چۆن ) بنووسن ( کوو )، شاربەدەرم بکەن.!

ئەگەر رۆژێک وتم : لەبری ( دووکەڵ ) بنووسن ( دووکەر )، دووکەڵ خنکێنم بکەن.!

ئەگەر رۆژێک وتم : لەبری ( نانم خواردووە ) بنووسن ( نانم خواردییە )، حاشا لە ئێوە، قووزەلقورت خواردووم بکەن.!

ئەگەر رۆژێک وتم : لەبری ( قەلا ) بنووسن ( قەرا )، ئەوە ( قەراوقەلاوقەلات ) م بەسەردا برووخێنن.!

وەک چۆن لە زەمانی رەحمەتیی ئێستە لەنێو حەپسخانەدا لێی پاڵ کەوتووە، سیخور و جاش هەبوون، ماڵ وگوندی کوردیان وێران و تەخت و ئەنفال دەکرد وئەنجا وەل دەبوون.. ئێستەیش جاشقەڵەم وجاشلەهجە هاتوونەتە گۆڕەپانێ، ئەوەی دوژمن نەیکرد یان پێی نەکرا، ئەوان دەیکەن چ لە بەردەرکە یان لە بنەبانێ.. دەنا قەت بووە تۆ بڵێیت من کوردم و پاشان بێیت یاداشتنامە بۆ پەرلەمان بنێریت و رەفزی ئەوە بکەیت بەو زمانەی سەدساڵە بووەتە زمانی رەسمیی باوک و باپیرت، بخوێنیت و بنووسیت..یان بێیت بەناوی مافی مرۆڤ وپەیمانی نێودەوڵەتییەوە داوای ئەلفوبێی ناوچەیی بکەیت.. یا کڵاو لەسەرنانە وبەدووی چەواشەکردن و ئامانجی دیکەدا گەرانە.

هەروەها، ئەو کارەی ئەوان هەوڵی بۆ دەدەن، هیچ پێوەندیی بە دەوڵەمەندکردنی زمانە رەسمییەکەوە نییە، بگرە دزینی لەهجەیەکی کوردییە بۆ دروستکردنی زمانێکی نوێ، دەنا ئیجازەوەرگرتنی لە پەرلەمان لە بۆ چییە؟

من هەروەک هەمیشە وتوومە، دەبێت ئەو کوردییەی تەمەنی پێنووسینی چەند سەد ساڵە، گەرەکە - بەنەزەر کوردەوە - تەژبی نەبێ - وەک روکنێکی ( دین ) سەیری بکرێت وپیرۆز رابگیرێت وبکریت بە ئاگردانی سەرلەبەری دنیای کوردەواری، ئەنجا بکرێت بە زمانی نووسین و خوێندنی کوردانی ئەرمینیا و شوورەوی و کازاخستان و قامشلۆ و ئەستەنبوڵ و ئامەد و هەر کوردێکی دەخوازێت بە کوردیی پەتی بپشکوێت زاری.

دەشبێ هەر لادانێک لە بنەماکانی کوردایەتی - لە ژێر هەرناو و چەترێکدا بێت - سەرکوت و ریسوا بکرێت، خاوەنەکەیشی بە لادەر وجاش لەقەڵەم بدرێت، ناویشی - لەگەڵ یاداشتنامەکەدا - بخرێتە ناو فایلەکانەوە بێ ئەوەی دەستی تێوە بدرێت.

***

* مامۆستا حەمەکەریم هەورامی، سایکلوجییەتی خوێندنەوە، سلێمانی، 1968، ل8، لەوێدا دەڵێت : "زمانی کوردی، زمانێکی زۆر بەسامان و فراوانە بۆ نووسینی هەموو لقێکی زانست دەست ئەدات، لە هیچ کەمی نیە لە نووسەر وتێکۆشەر نەبێ "، فەرموودەی نێوبراو پێش چل ساڵ فەرمووراوە.